# هەندێك شیعری فۆلكلۆریی گۆرانی یە میللی یەكانی ناوچەكانی : گەرمیان ـ قەرەداخ ـ شارەزوور

كۆكردنەوەو ئامادەكردنی :
محمد حمەصاڵح تۆفیق

دەمێكە كەوتوومە هەوڵدانو تەقەلای ئەوەی فۆلكلۆری ناوچەكانی گەرمیانو قەرەداخو شارەزوور كۆبكەمەوە . ئەگەرچی ئەم كارە بۆ تاكە كەس گرانەو بە تەواوی ناتوانێ فریای هەموو كەلێنو قوژبنێكی بكەوێو هەڵبەتە ئەنجامی كۆششەكەیشی لە خەوشو ناتەوای بەدەر نابێ . بەڵام ئەی چی بكەین ؟ حاڵی حازر دامو دەزگایەكی خەمخواری ئەم لایەنە نیەو ، بە بەرچاوەوە سامانێكی كەلەپووری فرەو فرەوانمان هەیە لە شیعری گۆرانیی میللیو حەكایەتی

گوێئاگردانو ئەزموونو بەهرەی دەرمانسازیی میللیو كەرەسەو تفاقو خۆراكی ژیانی سادەو ساكاری جارانو دەبینین بایەخێكی ئەوتۆی پێ نادرێ . ئەدەبێكی میللیو سەرزارەكیی بەربلاومان هەیەو ئەوەی تا ئێستا لێی نووسرابێتەوەو تۆمار كرابێت بەشێكی هێجگار كەمیەتیو بە مردنی هەر پیرەژنو پیرەپیاوێكی بلیمەتو سەلیقەدار لەوانەی كە هەڵگری ئەم ئەدەبە پشتاوپشت بۆماوەمانن زیانێكی لەرادە بەدەر گەورەمان لێ دەكەوێو هەر یەك لەوانە خەروارێك لەو گەنجینەیە لە گەڵ

خۆی دەباتە ژێر گڵ ئەگەر بێتو پێش وادە فریای نەكەوین .

ئەم دێرە شیعرانەی لێرەدا بلاودەكرێنەوە بەرهەمی گەرانو بەدواداچوونێكی زۆرن بۆ ئەم شارو ئەو دێ بۆ دۆزینەوەو

چاوپێکەوتنی ئەو کەسانەکەهەڵگری ئەم بابەتانەن . ئەوەش با بزانرێت که دۆزینەوەی ئەو بەهرەدارانه کارێکی ئاسان نیەو چەرخو ڕۆژگاری ئەمڕۆ ڕەواجو برەوی جارانی ئەو جۆره کەسانەی خستووەته لاوەو کەنارگیری کردوونو تا ڕازیی دەکەی بەوەی که تۆ مەبەستت ئەوەیه سوودی لیّ وەربگریت دەبیّ سەد ڕاوەزێویی بۆ بێنیتەوەو قیر سپی دەبیّ ئەوسا چەردەیەك له ڕازی دەروونی خۆیت بۆ دەردەخا . خۆ هی واش هەیه که وەختی خۆی سەرتەرزی حەکایەتخوانو گۆرانی بێژان بووەو ئێستا پێی عەیبه ئەوەی دەیزانێت باسی بکاو دەڵیّ بابه جاران له کویّو ئێستا له کویّو هەرچی له گەڵدا بکەیت له کەلی شەیتان نایەته خوار . هی واش هەیه که ڕووی لیّ دەنێی خۆیی لا دەبێته مێوژه ڕەشکەی لایجانو له دڵی خۆیدا دەڵیّ دەنگ مەکه کەوڵم پارەیەکی باش دەکاو هەروا به سووكو ئاسان خۆی نادا به دەستەوه .

خۆ ئەوه لاقرتیّو توانجی خەڵکی بیّهۆش لەولاوه بوەستیّو ئەگەر بەوەش تاوانبار نەکرێیت که ئەقڵت تێکچووه بۆیه وێڵ بوویی به دوای ئەم بەزمو ڕەزمەدا دەبیّ شوکرانه بژێر بیت . زۆر کەسیش پەنجەت بۆ دەسوون به یەکداو دەڵێن باوکم ڕۆژ ڕۆژی ئەمەیه (واته پاره پەیدا کردن) تۆ خەریکی چیت ؟ !

بەڵام خۆ نابیّ کەسێك خۆی به هۆشیارو ڕۆشنبیر بزانێت کۆڵ بداتو بێگومان وەچەکانی داهاتوومان منەتباری ڕەنجو تەقەلای ئەم جۆره کەسانه دەبنو له هەمان کاتیشدا خزمەتێکی بیّهاوتای گەله له بواری پاراستنی کەلەپووری کۆنینیدا .

ئەم دێره شیعرانه به ئاوازی جۆراوجۆر بۆ گۆرانییەکانی شاییو زەماوەند به کار دێن . هەروەها بۆ مەقامەکانی قەتارو ئەڵلاوەیسیو خاوکەرو ئایئایو هۆرەی جافیو زۆریشیان بۆ سۆزی دەروێشو لاواندنەوەی ژنان له پرسەو ماتەمیدا به کار دێن ، هەر یەکه به ئاوازی تایبەتی خۆی .

له ڕۆشنبیری نوێی ژماره (١٠٣-١٠٤)داو دیسان باسو لێکۆڵینەوەیەکی دیکه له ڕۆشنبیری نویّ چاوەڕێی بلاوکردنەوەیه هەندێك به دوورو درێژی لەم لایەنانه دواومو لێرەدا به پێویستی نازانم دووبارەیان بکەمەوه .

**بانی بانیمۆرد قلاکەی ڕەبات[١]**
**گشتی به قوربان خاڵی سەر گۆنات**

**تەنیا دارێك بووم له ملەی هەلاڵه**
**سێبەرم ئەکرد من بۆ گولاڵه**

**دایه له سەری حەو ڕیز گوڵەباخ**
**جێشانەی[٢] چۆڵ کرد هات بۆ قەرەداخ**

**هەر خۆم به قوربان خوشکی پێنج برا**
**با له ماڵ دەرچیّ به تاقو تەنیا**

**شەرتبیّ له داخت ڕەنگیّ برێژم**
**سەرم له سەودای باڵات بنێژم**

**شەکری شەکردان کوڵۆ کوڵۆیه**
**ورد ورد شکاوه بۆ دەمی تۆیه**

**حاحای گاگێره تۆزی بنخەرمان**
**نیشتووه له گۆناو بەریەقەی کەتان**

**شەماڵ وه خێر بێی له لای گلەوه[٣]**
**له لای ئاسکەکەی خاڵ وه ملەوه**

هێشتا وەڵەدەن نەویە وە جەیران
سمکۆڵانشەن پەی ئەزم سەیران

دارەکەی سەرکەل سەر سووتەمەرۆ
چوویت بۆ هەر کوێ زوو سەر بدەرۆ

شاخی سەگرمە لە بەفرا لووسە
جێگەی دڵداریی تەپەگەڕووسە[٤]

هەر باربارت بوو بار نەبڕیاوە
کۆچ بوو بە ئاگر هەر نەکوژیاوە

تۆبە سەد تۆبە تۆبەکەم فێڵە
کراسەکەت دووری جێی دەسم بێڵە

ئەگەر ئەمزانی دڵداریی واسە
خۆم ئەنا لە خوم کام کووپەی خاسە

شاییە دەگەرێ لە کەڵەکاوی
سووتامو برژام بۆ مەستیی چاوی

ئەوا مانگ هەڵات دای وە سەر دێدا
کوڕ دەناڵێنێ شەو لە تونێ جێدا

ئەچم بۆ گەرمیان بۆ کرێداسی[٥]
بۆ کراسی لایلۆن قۆندەرەی گلاسی

چارەکە چەرموو لەچکە گوڵ سێوی
خاڵ ئەڵقەی داوە لە دەوری لێوی

کزەکزێ تێ لە ژێر گمەوە
وەختە سەر بنێ بە مەرگمەوە

حەو تووڵم لێدەن جێگەی بئاوسێ
دەس هەڵناگرم لە کچە دەراوسێ

حەو تووڵم لێدەن بە تووڵ ئەرخەوان
دەس هەڵناگرم لە کچە باخەوان

خۆم کوڕە جووتیار جووتی خۆم ئەکەم
کچان دێن بۆ دار خافڵیان ئەکەم

مانگ وە خشەخش زەردەی پەلەکۆ
ماین لە عارەب ژن لە تیلەکۆ

یاخوا هەڵمخەی لەو کەلە وە بان
بمخەیتە نەعبێن تەکێو سێوسێنان[٦]

بارەکەت بار کرد لە دەرەڕاوە
چاو بە فرمێسکو دڵ لە دواوە

ئەرێ هۆ جووتیار هۆوت وە دڵ وێ
تۆوت ڕەیحانە خەرمانت گوڵ وێ

هەسێرەی عاسمان یەکو دوویەتی
کچەکەی مام حاجی وەختی شوویەتی

هەر سێ مەسۆیی[٧] هەر ماڵێ مەرێ
لە دەوری باڵای لە یلەکەم گەرێ

سیروان هاتووە ئاوەکەی لێڵە
سینەی ئەو کچە باخچەی جاهێڵە

گەڵاّ نەماوە بە دارانەوە
وەفا نەماوە لای یارانەوە

کەوباریّ بوایەم لە جارە جۆدا
چینەم کردایە لە سینەی تۆدا

مانگەشەوەکەی لە ڕۆژ خۆشترە
نووزەم لە نووزەی هەتیو فەرزترە

زەنانو خاڵدان[٨] دارێکیان بەینە
منی کوشتووە چاوەکەی زەینە

هرکە لەو ڕانەی سابرێنی پۆشە
ئامین مێگرەو خەجیّ مێدۆشە

کراسەکەت دریا قۆڵێ بە کەواوە
تاکەی دانیشی بە دیار براوە

سۆڵەو دێلێژە[٩] بەر بنار خاویّ
تۆ بۆ من ببیت من هیچم ناویّ

دەشتم دا لە بەر بەم نیمەشەوە
بۆ لای یار ئەچم بۆ کانیکەوە

باسەرە هاتووە نادا بوارم
ڕێگەی گرتووە لە خۆمو یارم

ئەو کانیو ئاوە دەنگ تۆی لیّ نایە
سەرچاوەی ووشك بیّ ئاو تێی نەزایە

ئەو چاوە ڕەشەی کە تۆ ڕەشتووتە
حەو براکەی باوکم خۆ تۆ کوشتووتە

سەرت بشۆرە خەنە لە تاس کە
ئاوێنە دانیّ پەرچەمت خاس کە

سەرت بشۆرە میل بنێرە چەم
زڵف بکە وە هەیوان لووتەوانەو دەم

ئەو بانە بانە گیای تەرو تازە
مشکێکەی سەرت حاشێکەی بازە

یارێکم ئەویّ بچکۆڵەو منداڵ
وێنەی بارەکەو تازە بدا خاڵ

تەنیا دارێك بووم وە سەر یاڵەوە
عاجز بووم وە دەس بای شەماڵەوە

تاقە دارێك بووم بۆ خۆم ئەشنیام
بیّ یار وهاودەم لە بن هەڵکنیام

نەرگس لە ساق ڕەنگی بووە زەرد
ئەو لە بێئاوی من لە تاوی دەرد

بە سەرگەردت بم بۆ نیە دەماخت
ئەڵێی شەوڕنکەر نیشتووە لە باخت

شەورن‌کەر خۆم بووم نیشتم لە باخت
هەر گوڵێ جوان بوو ڕنیم لە داخت

نرکانی وەك کەو پێچی خوارد وەك مار
ئەڵقەی دا لە دەور سەوڵی پای چنار

ئێوارە وەختە جوابێ ژنەفتم
لە شاخ هەڵدێریام لە کەڵوەز کەفتم

لە وای ئێوارە شەوگڕانمە
تەپڵێ شایم ژەن دووس میوانمە

قووقووی بایەقوش شەو وە هەردەوە
من لە فکری تۆ ڕۆژم کەردەوە

باوکە پیرەکەت هەواڵەی هەق وێ
لە بان داکەوێ وەك شووتی شەق وێ

ئەوا تۆ ئەڕۆی بۆ پێی ئەو شاخە
بۆ منت جێ‌یەلا ئەو ئاخ‌و داخە

ئەگەر ئەمزانی لە کوێ ئەکەی گەشت
خۆڵێ ژێر پێکەت چاوم پێ ئەڕەشت

ئەگەر نەوایە وە بۆنەی تۆوە
جا من چیم ئەکرد وەم کەژو کۆوە

کانی‌یەکەی لای ماڵ قەوزە گرتوویە
دڵ هەر دڵێکە سەوزە بردوویە

ئەوا بەهارە گوڵ مەیۆ پەیدا
گوڵ لە ئەشق گوڵ شێتەون شەیدا

یاخوا بە خێر بێی لە هەموو ڕێوە
ڕەوانەت ئەکەم لە خواری دێوە

باخێکم ناشتووە لە پەڕی دێوە
کوترە مل زەردێ نیشتووییێوە

زڵفە ڕەشەکەت با ئەیشەکێنێ
ڕۆنەکەت گەنیا بەقاڵ نایسێنێ

بەقاڵ باوەحیز لووت وە حەواوە
بۆنی ڕۆنەکەم یەژی گولاوە

شەماڵ داییە لێت زڵفت پەشێوە
خاڵی سینەکەت ملەمای لێوە

کێش‌و هەورییەکەت پێچی سرکەیی
لە عەزرەت بالات بوومە کاکەیی

بالاکەت بەرزە کەوا بۆ ناکەی
مێردەکەت پیرە حاشا بۆ ناکەی

خۆشی خۆشیتە یەژی مێردم هەس
بدە وە سەرتا قوڕ وە هەردوو دەس

لە دەرماڵەکەی وێسیاوە پاوە
چون مانگ وە گۆشەی هەور سیاوە

شەرت بێ لە داخت پەلاس لە کۆڵ کەم
بچم بۆ ئێران ئەم ملکە چۆڵ کەم

جووتیار وە هۆهۆ ڕان وە قەتارە
سەربێری گردووە ئەو شەدە لارە

شەردوێ تەرکی کەم زڕو زەنگیانە
هەتا تۆ تییتۆ لە خاکی بانە

ئەو مێخەکبەنە لە ملی تۆدا
پەخش بووە وە بان زەردەی لیمۆدا

یان وەو خنجێرە خۆم ئەدەمە کوشت
یان هەیاسەکەت ئەوەسم لە پشت

ئەچمە سە رسیروان کەف و کولیەتی
سیروانیش وەك خۆم داخ لە دڵیەتی

دەسڕەکەی دەست ئەنێم لە قوتوو
بۆ ئارەق سڕین ڕێگەی خورماتوو

دەسڕەکەی دەست گوڵ پەنجە پەنجە
بۆ ئارەق سڕین ڕێگەی هەڵەبجە

ئەمە دەمێکە گلاراومە
وەك ئاسکی زامار ئەڵهای ئاومە

ڕاوچی ڕاوەکا ڕاوچی لەی هەردە
ماین کوڵەکوێت کوڕ تازە جەردە

بەس جواو بنێرە لە جواو بێزارم
بینووسە قاقەز خۆم خوێنەوارم

قاقەز بنووسە سەر وە مۆرەوە
بسپێرە بە خاك خۆت بڕۆرەوە

ڕانەکە ڕایدا پاڵی وە پاڵی
لە شوێنی ناڕوا پەنجە شمشاڵی

خانم خەوتووە وەك خەرمانی گوڵ
پا لە بانی پا دەس لە بانی دڵ

وە فوای بالات بم مشکی ڕەشی دێز
قەد وە ناز پێچیاگ وێنەی داری گوێز

هەر وەك بازیوەن چووبی لە باڵم
هێنانە دووری هەرەس وە ماڵم

هەرزەکار بێنۆ جاهێڵی خۆمان
دنیا هەتا سەر نابڕێ پێمان

لە دەرماڵ دووس خەنەبنانە
یان دووس مردووە یا دواخێلانە

خۆزگەم بەو ئاوە ئەچێ بۆ سیروان
قەترە(١٠) ئەپێکێ بۆ دەربەنیخان

سیروان هاتووە وە بەرزیی کەڵەك
ڕێگەی لێ گرتووم کوڕەی چاو بەڵەك

ماینەکەی بۆرە خڕ کردووە لە ناڵ
داویە بە لامدا وەك سۆزەی شەماڵ

چاوت بڕەژە وە کلەکەی عەتار
زڵفت داببڕە وە ئاوی هەنار

وە فوای دەمت وم خاڵ وە دەورەوە
وەك مانگ گوێت کێشا لە توێی هەورەوە

پرسیم لە داربی کوا ئاوەدانی
کوانێ نازاران شۆخی سەر کانی

کونەیان پڕ ئەکرد وە خەمزەو وە ناز
ئەڕۆنیۆ بۆ ماڵ وە قسەو وە باس

ئەوا مانگ هەڵات دای لە لێفەکەت
دەسی دەزگیران وە بان سێفەکەت

ئەوا مانگ هەڵات مانگ دای لە هۆبە
خۆ من سۆفی نیم بشکێنم تۆبە

چاوە ڕەشەکەت لێ هەڵخلانم
سەرت دام وە بڕ یانەت ڕمانم

چاوە ڕەشەکەت لێم بووە وە سوار
بوەسە جەردە داییە لە زەوار

داسەکەی دەست پۆلای هەورامان
حەیفە باڵاکەت شەو لە سەر خەرمان

دایك وە قوربان دەس و داسەکەت
کلاشی لەیلێ چن پڕ قەلاسەکەت

درەوی جۆ گەڕ قەت ناوێ خەلاس
ڕەنگی قیلەکەم کردییە وە پەلاس

بی وە غارمان بی وە غارمان
دەیهان وە ملسەبەبکارمان

سەبەبکارمان وە کۆی زووخاڵ بۆ
چون ئاسکەی زامدار ماوا لە چۆڵ بۆ

ئای لە هاژە هاژ ئاوی کەسنەزان(١١)
وەی لە دایەرەی سەفای یۆسوجان

کولێن بگرەو بەرکولێن پێوە
نەوا ناشییان پاڵ بدەن پێوە

وە کوڕە باریکەی هەردە وە هەردە
دەمانچە حەوتیر ماین گوڵە زەردە

ماینەکەت بوەسە وە بنێ کەماوە(١٢)
دەنگی تەپڵت تێ لە کەلی باوە

ئیمشەو خەوێ دیم عەجەب خەوێ دیم
باوان خراوێك لە سەر ئاوێ دیم

کونەی پڕ ئەکرد لە بەحری بێ پەی
قەدی وەك شمشاڵ قامەت وێنەی نەی

**دڵداری خۆشە بە شەرت بزانی**
**کوڕ لە سەر کۆڵان کچ لە ڕێی کانی**

**هەی داد هەی بێداد پەنو مەخسەرە**
**قرژانگ‌و بۆقیش ئەشقێنی‌کەرە**

**ڕیشی ڕیش چەرموو بکەینە گزگ**
**شەونمی بدەین وە ئاوی سجگ[13]**

**با پیرە بمرێ بیخەینە هێڵێ**
**بێینە سەرو گوێی وە کەپەبێڵێ**

**با پیرە بمرێ پیرە قرانە**
**لە دوای پیرەکان نۆرەی گەنجانە**

**دادی خۆم لە دەس پیرەی مانگادەم**
**دەم ئەنێتە بان سەرچاوەی زەمزەم**

**تووتنی تەماکۆ ڕیشی کردم زەرد**
**هەرچەن ئەکۆکێم دوێتە ئەیوت دەرد**

**کزەی بەیانی هەوای لیو شەتان**
**تریفەی ماوی‌خاڵ لەیل وە تۆی کەتان**

**سەر بوەسە لار لەش بیە وە بارم**
**دووس بیە وە پاڵشت لاشەی بیمارم**

**ئینە چێشم کەرد چێم وە سەر ئاما[14]**
**ڕەیحانەم شانا پەیکوڵ بەر ئاما**

**فەڵەك لە قاپیت هەرچەن مەناڵام**
**خاسترکاڵای غەم بڕیت وە باڵام**

دڵ بویەن وە کۆترەکەی لافاوان بەردە
لافاو گێژبەدات هەردە وە هەردە

ئەو ماڵە گەورە سەرتیلی پەڕە
چیخی ئەسمەرپێچ پیاڵەکەی زەڕە

باڵەخانەی چەم چەترێ لە بانی
ئازێت‌باری تۆم ناشێ نەزانی

مانگەشەو خۆشە لە بەهارەدا
حیلەی ئەسپی شێ لە دەوارەدا

ماڵێ باری کرد ماڵە مسکێنە
خەرجی ئەو ماڵە لە من بسێنە

ماڵێ باری کرد بۆ هەوار ئەچێ
بۆ خێوەتەکەی کۆنە یار ئەچێ

ئەمبەرو ئەوبەر هێلکەم هەڵ‌ئەگرد
لە ڕاسی دوژمن دەسم سەریەکرد

ئەقڵم نەمەنەن فامم سەرسەری
بیم وەشێتەکەی لە ماڵ بێوەری

لەشێتان شێتم لە پیران پیرم
دەس بە کەلەبچە پا وە زنجیرم

ئیمساڵ لە بەختم نیزام نیزامە
شۆڕی زلفەکەت پاوەنی پامە

ئاوی زەڵم دا پاسی بی کەردم
ئەنجامو ئەکام بڕیای وە جەرگم

شەردێ لە داخت بچمە نیزامی
بچمە شەڕەکەی کوردو هەورامی

خاڵێ ها وە بان گۆنای لەیلەوە
وەك مانگ ئەدرەوشێ وە دوجەیلەوە

بڕکە سوارەکەی بان مەلاوەمەر[15]
کوا کاکە ڕۆسەم شەڕ وە تەینا کەر

خاڵێ هە وە بان پەنجەی پاتەوە
خورماتوو ئەهێنێ وە بەیاتەوە[16]

سینی و سەماوەر گومگومەو قاوە
حەیفە قلاکەت بێ وە کەلاوە

چراکەی ماڵیان سۆڵە سۆڵیەتی
باوکە پیرەکەی بۆڵە بۆڵیەتی

کاکە ڕۆسەم گیان بەرخنجێر ماوی
خۆ سپا زۆرە بۆچی داماوی

دایکە پیرەکەی کۆلکەی بزمار سەر
نەکەوێتە بەر شفای پێغەمبەر

یاخوا بەدکار ئاگرت نەگرێ
لەو بەدیە ئەیکەی چیت پێ ئەبڕێ

چاوان گێژو وێژ چون گۆشەی ماسی
تا دوێ یارم بووی ئیمڕۆ نامناسی

بڕوای پێ مەکەن بە دەروێشیی ژن
هەمووتان دیتان خۆ حاڵەکەی من

باوانت شێوێ تۆ چەنێ باشی
دەروێش لە تاوا پرچەکەی تاشی

نە شێخ بە تۆبە نە دەروێش بە وەی
نە ژن بە تەزبیح دەس کا بە حەی حەی

ئیمڕۆ لەو بانە گەییمەتە کچێ
تەوقەکەی زاڵم لە ملی بچێ

هەتا منالێ بووم دەست نام لە زاخ
ئێستا من پیر بووم تۆ گرتت دەماخ

هۆ کاکەی جووتیار خەت نەبەیتە سەر
بۆچی ئەیکێڵی ڕێگای تەل بە سەر

من نیەم وە تەنگ بەرزیی دەماخت
نۆ نوخشەی گوڵت بردم لە باخت

هۆ کاکەی جووتیار گایەکت زەردە
بۆچی ئەیکێڵی ئەو هەردو بەردە

مەر وە قارە قار کۆ وە برجەوە
لیمۆم گوم کردووە وە نارنجەوە

بەو حەوتەوانە دیلی کۆی پێیە
حەو ساڵ تر بمرم مەراقی تۆیە

خودا خەم نەدا من خەمی تۆمە
خەمی دووریەکەی بالاکەی تۆمە

شەماڵ هەڵی‌کرد بەفری بردەوە
چەتری کوردە ماڵ نیشت وە هەردەوە

بەرماڵەکەتان خۆم کردم بە ڕێ
لەوە ئەترسم تۆم پێ نەبڕێ

لە تەقەی برنەو کەللەم ژانەکا
دڵەکەم ئارەزووی لای خۆمانەکا

ئەچم بۆ سۆنە سۆنە سڵ ئەکا
نەعلەت لەو کەسە مەعنی دڵ ئەکا

یاخوا هەڵی کا کزەی وەشتێ خۆش
لە لای یارۆ بێ من بکا سەرخۆش

دەرماڵی باوکت شەقامە ڕێیە
بمدەرێ ماچێ ترست لە کێیە

هەڵکێشە خنجێر بیکوتە پەنجەی پام
لە کێ ئەترسی هەڵسە بێ وە لام

وە فوای دەمت بم دەم قوتوو مەرجان
نەعلەت لەو کەسە تۆی لە من ڕەنجان

یاخوا هیچ کەسێ ئاو نەنێ لە جۆ
هیچ کەس وەکو من نەوێ ڕەنجەڕۆ

سێ جار بەو مانگە خەرمانەی داوە
هێشتا مەیلی تۆم وە کەس نەداوە

تیری ئەشقەکەت دایە لە ڕانم
چون ماران گەستە گل ئەکا گیانم

دەسم لێ مەدەن جەسەم خەستەیە
با نەکولێتۆ ماران گەستەیە

بالا وە بەرزێ چون بەیداخی ڕۆم
عالەم ئەزانێ من خەمباری تۆم

بەرزە بالاکەت حەزم کردووە لێت
بەغیلم نایە خوا داویە پێت

سێ مانگەی زووسان شەڵلا شەو بوایە
دەم لە ناوی دەم چاو لە خەو بوایە

سووتیامو برژیام بووم بە قەقنەس
گەردم با بردی پێی نەزانی کەس

چرام داناوە فانۆزم دوو دوو
لە شوێن خاس گەڕیام من دێزەم تووش بوو

ئێوارە وەختە بارە تەواوە
باوەشم لێدە وەك كۆرپەی ساوە

جووتێ مەمكۆڵە داتناوە لە بن
گەلاڵەی بكەو بیفرۆشە بە من

دوو كەو دو بلبل دوو بەڵەك چاو دیم
دوو بەنەی بێ عەیب لە ڕێی سراو دیم

بیكە بۆ خاتر شێخەكەی ناوە[17]
من دەمم تێرم تۆ زلفت لاوە

چایە لێ بنێن حەو ڕەنگ بنوێنێ
ئایش تێی بكاو فاتم بیهێنێ

كەم بێ كەم بچۆ كەم بیكە لارە
خۆت دا لە تەرتیف من لە قەنارە

كەم بێ كەم بچۆ وەم دەورویشتا
خواكەی هەرزەكار ئەدەم بە گژتا

ئەچی بۆ كانی سەرت لە بەرە
ئاوی گۆزەكەت شیرو شەكەرە

ئەچی بۆ كانی ماڵم لە ڕێتە
سەرم بە سەرگەرد پەنجەكەی پێتە

لە ملەكەی تیمار[18] سەرم برد وە بان
كردم وە سەرا خۆڵی پەچەڕان

بارگەی پیروێنس چەفتی چوارئاسیاو[19]
كارێزەو خوڕخوڕ تەپەسیێو ترشاو

دارەقۆزەی[20] میلڕاگەی خەرگۆشان
ئەو لە گشت زیاتر دڵ پەڕێی جۆشان

هەرێنەو گۆلباخ قیرچەو قەرەداخ[21]
گشتیت بۆ ئەدەم بە كەوای شیرداخ

بە قوربانت بم جامانە جاف
لە ماڵ بێبەری لە حوكمەت یاخی

باڵاكەی بەرزە لە حەی دەرچووە
بەچكە شارسانە نازار فێربووە

ئای لەی بەختەی من چەنێ سیایە
پەلەور وە باڵ وەی ماڵما نایە

چوومە لای خۆگەر جامێ خوم سەنم
سەرتاپای باڵام وەی خوم هەڵژەنم

لە كەل سەركەوتم وەتەن دیارە
نە قاسپەی كەوە نە دەنگی یارە

بێ قەن بێ چایی بێ ژێرپیاڵە خۆم
قرخەی پیاوی پیر لە بن پاڵەی خۆم

چی بكەم چی نەكەم چی وە چارەكەم
خۆ بۆزە نامرێ ژنەكەی مارەكەم

شەرت‌وێ بیسێنم برنەو وە دینار
بۆزەی پیێ بکوژم لە ملەکەی تیمار

شووکەر شوو ئەکا شوو مایەسیری
ئەمە گەنجیتە قورِ بە سەر پیری

قورعان وە هەقت سێ مانگ تەواوە
وە شەو نەخەوتووم بەنم باداوە

نە خەرمان سووتم نە خەلە سێنم
تالِیێ بەن بێرە خۆم بخنکێنم

وەك بەنەخوێنەکەت وە میرات کەوێ
ئەی ئەوە چی بوو کێشات لە دەرپێ

دەسم دا کلیل دەرگام کردەوە
رِوانیم خالێ خاسێ خەو ئەیبردەوە

مالێ لە مەریوان دلێ لە دەروێشان
مردن خۆشترە لە ئاخ هەڵکێشان

مردن مردنە مردن جارێکە
تانەی بەدکاران گۆرِەوشارێکە

عالانو حاسلێ نەمەلێ حەوشت بێ[٢٢]
گشتی بە قوربان پاژنەی کەوشت بێ

بروانە عەربەت نەمەلێ تۆزەکا
ماچی گەورەکچ کورِ ئالۆزەکا

وە ماچو دوو ماچ لێت نابم رِازی
لە سەر سینەکەت نەیکەم دەسبازی

دەسم برد بۆ بەی ئەرخەوان لەرزی
یاری تازەم گرت لێی کردمە بەرزی

جووتیار هۆ جووتیار نەقیزە چنار
تو عەبابەیلێ کێت گرتووە بە یار

هەی داد هەی بێداد هەی بۆ رِەزای هەق
کێ دیبە ئالتوون ئامێتەی مەفرەق

بالاَ بالاَتە بالاَ دارشیلان
یان وە دۆست بم یان وە دەزگیران

وەچنارە گەورەی زرگوێزی گەورە[٢٣]
ئەشقی یەکێکم لەم دەوران دەورە

دلەکەم رِەش بووە وەك بەردی کانی
ئەویش لە داخی گالۆکی شوانی

قورعانێ بێرە پەرە پەرەی کەم
لە تۆ زیاتر دلێ بە کەس نەدەم

بە قورعانەکەی بەردەمی قازی
مارەیان کردووم بە دڵی نارِازی

تەزبیحی دەست گزگلی دارێ
ئەگەر نەمخوازی بەردت لێ بارێ

ڕێگای هەڵەبجە هاتو نەهاتە
یا قەقاز نیە یا مەلا قاتە

بە فوای دەمت بم وەك مێو ئەلەنگێ
حەو خونچەی گرتووە هەر یەك لە ڕەنگێ

هەی داد هەی بێداد لەم بێداییمە
وێنەی مانگ‌و ڕۆژ شەو تەنیاییمە

هەرزەکارەکە گەوجەی هیچ نەفام
ئەوا دیقم کرد تاوێ بێ بۆ لام

یا عەبابەیلێ پشتت هەر بەردە
بکەی بە هاوسەر ئەو کراس زەردە

ڕەیحانە ڕەشە سەر پەلی تێرە
ئەگەر ژنخوازی باوکت بنێرە

دەسرەکەی دەست وا بە لامەوە
نە تۆ داوات کرد نە من دامەوە

شەردبێ لە داخی کەمشەرتیەکەی تۆ
وەکو عەودالان ڕوو بنێم لە کۆ

چی بکەم لە بەختت بەختت ناپژێ
مێردە گولەکەت شەو دز نایکوژێ

جامێ ئاو بێرە بەو دەس‌و جامە
بیکەمە بانی ئەم زووخ‌و زامە

هەی داد هەی بێداد بێدادیم ڕۆرۆ
چاوڕەش دەینەکەم وە گەردنی تۆ

چارەکە چەرموو بەریەقە کەتان
قەولی من‌و تۆ حەوشەکەی خۆتان

لە سەر قەولەکەت دوێ شەو نەخەوتم
هاتم بۆ ماڵتان دزاودز کەوتم

هرکە لەو ڕانە با بێ بۆ پەچە
ماچێکم ئەوێ دەوڵەمەن بەچە

هەی داد هەی بێداد نە خۆم دەنگم تێ نە دایەرەکەم
ئاگر چێ لە ماڵ سەبەبکارەکەم

**پەراوێز :**

بۆ کۆکردنەوەی دەقی ئەم شیعرە فۆلکلۆرییانە سوودم لەم کەسانە وەرگرتووە لێرەدا بە پێویستی دەزانم زۆر سوپاسیان بکەم :

(١) حمەساڵحی مەلا حەسەن . تەمەنی حەفتا ساڵەو دانیشتووی گوندی دەرەواری خوارووە . لە گەرمیان .

(٢) پوورە تەمیێ مەحموود مراخان . تەمەنی شەست ساڵەو خەڵکی سەنگاوە .

(٣) فازڵ حمەئەمین تۆفیق . تەمەنی چل ساڵە . خەڵکی کفری‌یە .

(٤) مستەفا ئەحمەد شاسوار . تەمەنی سی‌و دوو ساڵە . خەڵکی گوندی باخی‌سەرووی قەرەداخە .

(٥) ئەسعەد مەجید عەزیز . تەمەنی چل‌وپێنج ساڵە . لە بنەچەدا گەرمیانی‌یەو ئێستا دانیشتووی سلێمانی‌یە .

(٦) چەند کەسێکی تر هەر یەکە چەند دێڕێکی بۆ وتووم‌و نەیانویستووە ناویان بهێنرێت .

(١) بانی‌مۆردو ڕەبات دوو گوندی گەرمیانن بە بناری شاخی سەگرمەوە . نزیك بە سەنگاو .

(٢) جێشانە گوندێکە بە بناری شاخی بەرانانەوە بە دیوی سلێمانی‌دا .

(٣) گل ناوچەیەکە نزیك بە قادرکەرەم . بە زۆری لای خەڵك بەم ناوچەیە دەوترێ گل‌و ئاوباریك .

(٤) تەپەگەڕووس گوندێکی ناوچەی گەرمیانە بە بناری سەگرمەوە . نزیك بە دەربەند گەورو کەلی زەردە . شوێنەواری کۆنیشی تێدایە .

(٥) لە گەرمیانی خواروو دروێنەی دەغڵ‌و دان زووتر پێ‌دەگات . وانە پێش ناوچەکانی بناری سەگرمەو قەرەداخ‌و شارەزوور . جاران کە درەو بە دەست دەکرا خەڵکی هەژاری ئەم ناوچانەی باسم کردن دەچوون بۆ ئەوێ بۆ کرێ‌داسی‌و ئیش‌و کاری خۆیان لەوێ تەواو دەکرد ئەوسا دەغڵ‌و دانی خۆیان پێ‌دەگەیشت .